# بەناو سەرۆکی بەناو پەرلەمان چۆن دەبێت جنێو بدات؟

بەختیار کەریم

هیچ جنێوێک لەوە بیرندارکەر و گەورەتر نییە تۆ بە کوردێکی تاراوگەنشین بڵێیت عێراقی، ئێرانی، سوریی، یان تورکی. تەنانەت ئیسلامیەکان کە باس لە ئوممەی ئیسلامی دەکەن، پێیانخۆش نییە پێیان بڵێیت عێراقی، بگرە زۆربەی کۆمەنیستەکانیش کە خۆیان بە هاوڵاتیی و کرێکاری چەوساوەی جیهان دەزانن و ڕێز لە سنووری دەستکردی نێوان دەوڵەتان ناگرن، ڕەتیدەکەنەوە وەک عێراقی ئاماژەیان بۆ بکەیت. بێگومان ژمارەیەکی کەمی کوردی تاراوگەنشین خۆیان بە عێراقی دەزانن، ئەوانیش پێیانوایە مادامەکی تاڵەبانی بۆتە عێراقیەکی خاڵس، ئەی ئەوان بۆ نەبن. بەڵام ڕێسایەکی گشتیی هەیە، وەک هەر ڕێسایەکی دیکە مۆڵەت بە ژمارەیەکی کەم لە هەڵاوێرد دەدات، ئەو ڕێسا گشتییە ئەوەیە کە کوردی تاراوگە پێیانبڵێ، زۆڵ و پێیان مەڵێ عێراقی، پێانبڵێ خائین و پێیانمەڵێ عێراقی. ئەم ڕێسایە وای کردوە کە ئەوروپییەکان مامەڵەی خۆیان لەگەڵ کورداندا بگۆڕن و ڕێز لە شوناسیان بگرن.

بەدبەختییەکی گەورەیە بەناو سەرۆکی بەناو پەرلەمانی کوردستان، هێندە نەزان بێت، ڕێز لە بەرهەستییەکانی کوردانی تاراوگە نەگرێت و بەناوی ئەوانەوە زار بکاتەوە و جنێویان پێبدات. ئەم ئەزیزە کە قسە بۆ کەناڵێک یان ڕۆژنامەیەکی عەرەبی دەکات، کورد و هەستەکانیان لەبیردەکات، ئەوەی بەلایەوە گرنگە ڕازیکردنی دڵی برا عەرەبەکانی سەرکردەکەیەتی. ئەزیزم ناکرێت تۆ ڕێز و هاوڕێیەتی لەگەڵ نەتەوەیەکی دیدا لەسەر حسابی کەرامەتی خۆت و نەتەوەکەت دروست بکەیت، ڕێز و خۆشەویستی پەیوەندییەکی دوانەیین، عەشق بەتەنها کەسێک ناکرێت و ڕێزیش تاکلایەنانە ژێرپێ نانی کەرامەتی خۆتە.

دەشێت لەئاستی تیۆرییدا جیگەی تێڕامان و دۆشدامان بێت، کاتێک کورد مەحکومکراون بە عێراقیبوون لەلایەن تاڵەبانی و پیاوەکانیەوە، کەچی لە هەموو کات زیاتر ڕەتیدەکەنەوە عێراقی بن. لەم چەند هەفتەیەدا هەموو جیهان باس لە پارچەپارچەکردنی عێراقی نەفرەتیی دەکات، کەچی تاڵەبانی و پیاوەکانی درۆ بۆ کەناڵە عەرەبییەکان دەکەن، کە گوایا کوردی هەندەران هەموویان عێراقین. هیچ کەسێک درۆی لەوەی عەدنان موفتی

گەورەتری نەکردوە، هیچ سیاسییەک ئەوەندە چاوقایم نەبووە هەوڵی چاوبەستکردن بەو ئاقارەدا بەرێت. ئەم ئەزیزە وادەزانیت کە ئەو ڕۆژنامە عەرەبییەی ئەو دۆریان بۆ دەکات، ئاگاییان لە کوردی تاراوگە و هەستی دژەعێراقییان نییە، پێیوایە کە ئەو مافی هەیە بە ناوی هەموو کوردی هەندەرانەوە قسەبکات و وەک عێراقی نمایشیان بکات. لەڕاستییدا نەهامەتییەکی گەورەیە کە ئەمڕۆ جگە لە تاڵەبانی و پیاوەکانی هیچ کەسێک لەسەر ئەم گۆی زەوییە ئەوەندە دەستپاکانە کار بۆ چاککردنەوەی جەستەی داڕزیوی عێراق ناکات، هەر کەسێک بگریت کە ئەلف و بێی سیاسەت حاڵی بێت، دەڵێت هیچ ڕێگە چارەیەک نەماوە جگە لە دابەشکردنی عێراق، دروست لەم ساتەوەختەدا عەدنان موفتی جنێو بە هەمووماندەدات و دەڵێت ئێوە عێراقین. ئەگەر عەدنان موفتی کە بەناو سەرۆکی بەناو پەرلەمانی کوردستانە، یەک تۆزقاڵ ڕێز بۆ کوردانی تاراوگە دابنێت، دەبێت دەستبەجێ داوای لێبوردن بکات. بەڵام گەلۆ کەسێک ئەوەندە چاوقایم بێت، درۆی ئەوها شاخدار بکات، چارەوڕێی ئەوەی لێدەکرێت کە بوێریی ئەوەی هەبێت داوای لێبوردن لەو کوڕ و کچانەی تاراوگە بکات کە هەستی بریندار کردوون؟

ئەگەر عەدنان موفتی عێراقیبوونی خۆی و سەرکردەکەی تا ئەو ئەندازەیە گومڕایان کردوە، کە پێیوابێت، هەموو کوردێک وەک ئەو عێراقییە، من بۆی دەسەلمێنم کە وانییە. با جەنابی بەناو سەرۆکی بەناو پەرلەمانی کوردستان ئەرک بکێشێت، هەر بەڵگەنامەیەک کە من دەکات بە عێراقی، بەو دەستە ماندوانەی خۆی بدڕێنێت و لە کونی ئاودەستی قوڕی ماڵە ئاوارەیەکی کەساسیان بنێت. دڵنیام سەدان کوردی دیکە ئامادەن هەمان ئەرک بخەنە ئەستۆی موفتی، کە لەم بێئیشیەدا شتێکی خراپ نییە پاسپۆرت و شوناسنامە عێراقییەکانمان بۆ بدڕێنێت و بۆ ماوەیەک خۆی سەرقاڵ بکات. شانازییە کاتێک موفتی بێشەرم پێمان دەڵێت عێراقی، ئێمە ئەوەندە بوێربین بڵێین هەموو شتێکین تەنها عێراقی نەبێت. هەموو کەسێک ئازادە لە هەڵبژاردنی ئەوەی دەخوزاێت عێراقی بێت، یان ئەڤگانی، بەڵام ئەوەی کە هیچ کەسێک ئازادنییە لە کردنی بڕیاردانە لەوەی کەسانێکی دیکە شوناسیان چییە. ئەگەر موفتی دەخوازێت ڕێز لە شوناسی عێراقیبوونی بگیرێت، با بێڕێزی بە شوناسی ناعێراقیبوونی خەڵکانی دیکە نەکات.

بۆ بینینی جنێوەکانی موفتی بڕوانە:
www.aawsat.com/details.asp?section=4&issue=10047&article=366067